پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەستی مەسحکرد بەسەر ڕوومدا ونزای بۆمکرد

لە ئەبی زەیدی کوڕی ئەختەبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەستی مەسحکرد -هێنای- بەسەر ڕوومدا ونزای بۆمکرد»، عەزرە (یەکێک لە گێڕەرەوەکانی فەرموودەکە) دەڵێت: «(ئەبی زەید) سەد وبیست ساڵ ژیا وقژی تەنها (ژمارەیەکی کەم) مووی سپی تێدا بوو».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەستی مەسحکرد -هێنای- بەسەر ڕووی ئەبی زەیدی کوڕی ئەختەبی ئەنساڕی -ڕەزای خوای لێبێت-، ونزای بۆی کرد، ولە گێڕانەوەیەکدا ئەم نزایەی بۆی کرد: (اللهم جمِّله، وأدِم جماله) واتە: (خودایە، جوانی بکە، جوانیەکەی بەردەوام بێت)؛ بە مانای ئەوەیە بە درێژی تەمەنی جوان بێت هەتاوەکو دەمرێت، عەزرە (یەکێک لە گێڕەرەوەکانی فەرموودەکە) دەڵێت: ئەبی زەید سەد وبیست ساڵ ژیا وقژی تەنها ژمارەیەکی کەم مووی سپی تێدا بوو. ولە گێڕانەوەیەکدا: ڕووی (ئەبی زەید) ساف بوو هیچ چرچی وتێکچوونێکی تێدا نەبوو، هەتاوەکو مرد؛ ڕووی بەم شێوەیە بوو، ئەمیش بەهۆی بەرەکەتی نزای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ودەستهێنانی بەسەر دەموچاویدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10955